# هۆشیار عەبدولڕەحمان سیوەیلی:
# حکومەتی هەرێم دژی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانە

## بڵند موستەفا - هەولێر

بەو بیانوەی هەرێمی کوردستان بارودۆخی ئەمنی ئارامە، حکومەتی بەریتانیا بڕیاریداوە ئەو پەنابەرە کوردانەی کە لە بەریتانیان‌و تائێستا مافی پەنابەرێتیان نەدراوەتێ لە ولآتەکەی دەربکات، چەند رۆژێك لەمەوبەر ژمارەیەك پەنابەری کورد لەبەریتانیاوە گەڕانەوە کوردستان‌و قونسوڵی بەریتانیاش لە کەرکوك بۆ ئەو مەسەلەیە سەردانی هەولێری کرد، بۆ بەدواداچونی ئەو مەسەلەیە پەیوەندیمان کرد بە (هۆشیار عەبدولڕەحمان سیوەیلی)ی بریکاری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی‌و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی هەولێرو لە لێدوانێکی تایبەتدا دەربارەی ئەو مەسەلەیە بەم شێوەیە دوا : -کێشەی پەنابەرانی کورد لەبەریتانیا بەتایبەتی‌و بەشێوەیەکی گشتی لەئەوروپاو دەرەوە مەسەلەیەکی نوێ نییە، چەند ساڵێکە ئەو حکومەتانە هەوڵدەدەن کەئەو پەنابەرانەی کەگوایە مافی پەنابەرێتیان نەدراوەتێ ئەوانە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کوردستان ئەوە بیانوی یەکەمە، بیانوی دووەم ئەوەبووە کەکوردستان لەڕووی ئاسایشەوە گرفتێکی ئەوتۆی نییە بۆیە ئەو پەنابەرانە کەدەگەڕێنەوە تووشی گرفتی ئەمنی نابن لەکوردستان، لەم دواییانەدا لەلایەن بەریتانیاوە داواکردنی ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە جدی تر بوو، لەماوەی پێشوودا قۆنسوڵی بەریتانی لەکەرکوك هاتە هەولێرو لەگەڵ هەندێك لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کرودستان لەو بارەیەوە گفتوگۆی کرد، هەڵوێستی ئێمە بەم شێوەیە بوو ئێمە دژی ناردنەوەی پەنابەرێتی بەزۆرین، ئەو پەنابەرانە ئەگەر ئارەزووی خۆیانە داوای گەڕانەوە بکەن‌و بیانەوێت بێنەوە کوردستان بژین ئەوە کوردستان خاك ولآت‌و نیشتمانی خۆیانە‌و ئەوەش کە بەحکومەتی هەرێم بکرێت بیگومان هاوکارییان دەکات، بەڵام حکومەتی بەریتانیا یان هەر حکومەتێکی تر بیەوێت بەزۆر پەنابەرانی کورد یان ئەوانەی داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان ئێمە دژی ئەوەین، لەحاڵەتی ئێستادا بێگومان دژی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیاین، ئەوەی کەبەئێمە وتراوە ئەو پەنابەرانەی کەنێردراونەتەوە لەم رۆژانەی رابردوودا بەشێوەیەکی خۆویست گەڕاونەتەوەو هیچ گوشارێکی ئەوتۆیان لەسەر نەبووە، بێگومان لەنێوان ئەو لسیتەدا هەندێك هەیە کەحکومەتی بەریتانیا داوا دەکات بەزۆر بیانگێڕنەوە، ژمارەیەك هەن دەڵێن لەبەرئەوەی مەسەلەی پەنابەرێتییان رەتکراوەتەوەو هیچ مافێکی مانەوەیان لەوێ نەماوە، بۆیە حکومەتی بەرتیانیا ناچارە ئەو پەنابەرانە بەزۆر بنێرێتەوە بۆ هەریمی کوردستان، دیسانەوە هەڵوێستی ئێمە وەك وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی‌و هاوکاری‌و وەزراەتی ناوخۆو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی ئەوەیە کەئێمە لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدانین‌و دژی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانین. دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی هەرێم بەرامبەر پرۆسەی گێرانەوەی پەنابەرانی کورد لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان ( هۆشیار عەبدولڕەحمان سیوەیلی ) ئاماژەی بەوەدا حکومەتی هەرێم دژی گێڕانەوەی ئەو پەنابەرانەیە کە دەیانەوێت لە بەریتانیا بمێننەوە : بێگومان هەڵوێستی ئێمە ئەمەیە بەڵێ بۆ ئەو کەسانەی کەبەئارەزووی خۆیان دەگەڕێنەوە نەخێر بۆ ئەو کەسانەی کەبەزۆر لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە دەگەڕێنرێنەوەو ئەگەر بەزۆر خەڵك بگەڕێننەوە ئەوا رەنگە ئێمە هەڵوێست وەربگرین، کارەکە کەمێك ئاڵۆزە بەتایبەتی ئێمە تەنها لایەن نین یاخود ئێمە لایەنی سەرەکی نەبین لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە کەلەگەڵ حکومەتانی دەرەوە مامەڵە بکەین بەتایبەتی لەسەر حاڵەتێکی وا، بێگومان ئێستا حکومەتی فیدراڵی هەیە لەبەغداو ئەو لایەنەش کەبەرپرسە وەزارەتی کۆچەو ئەوان زیاتر هەڵوێستێکی رەسمی لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵ وەردەگرن، لەم ماوەیەدا ئێمە لەعەممان لەکۆبوونەوەیەکدا وەزیرەی کۆچی عێراقیمان بینی، لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەمان کرد، پێمان ووتن ئەگەر حکومەتی عێراق لەمڕووەوە هەڵوێست وەربگرێت دەبێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی بکات، چونکە نادرنەوەی ئەو خەڵکە زیاتر پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە بەو حوکمەی کەگوایە هەرێمی کوردستان لەڕووی ئەمنییەوە گرفتێکی ئەوتۆی نییە وەك ناوچەکانی تری عێراق لەبەرئەوە پێشەکی رەزامەندی ئێمە وەربگرن پێش ئەوەی کەئێوە موافەقەت بکەن بۆ ناردنەوەی خەڵك لەدەرەوە یاخود ئیمزاکردنی هەر رێکەوتننامەیەك لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی کورد. لە وەلآمی پرسیارێکدا ئەگەر لەندەن پەنابەرانی کوردی نیشتەجێی بەریتانیای گەڕاندەوە بۆ کوردستان‌و پرۆسەکەی جێبەجێکردئیچوە چی دەکەن؟ بریکاری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری رایگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگای والآیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە خواستی خۆیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە : ئەوانە کەبەئارەزووی خۆیان دەگەڕێنەوەو گەڕاونەتەوە هەڵوێستمان وابووە کەئێمە رەزامەندی لەسەر دەردەبڕین، ئەو کەسانەی کە لەم دواییەدا گەڕانەوە هێندەی ئێمە ئاگاداربین بەئارەزووی خۆیان گەڕاونەتەوەو بەزۆر نەگەڕێنراونەتەوە، بەڵام دیسانەوە مەسەلەی زۆرو ئارەزوو ئەویش قابیلی ئیستیفسارە، چونکە رەنگە ئەو پەنابەرانە بخرێنە هەڵوێستێکەوەو وایان لێبکرێن بڵێن بەڵێ ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەوێ رەنگە زیندانیان بکەن یان لەهەندێك سەنتەری تایبەتدا دایان بنێن، رەنگە هەندێك یارمەتی‌و هاوکاری کە بەشێوەیەکی گشتی دەدرێت بەپەنابەران نەدرێت بەوان لەبەرئەوە لەڕووی کردارییەوە ناچاردەکرێن کەبڵێن دەگەڕێینەوە، ئێمە بێگومان وتومانە ناتوانین دەرگای هەرێمی کرودستان لەسەر کەسانێك دابخەین کەبەئارەزووی خۆیان بیانەوێت بگەڕێنەوە نیشتمانی خۆیان ، بەڵام ئەوانەی کەبەزۆر دەگەڕێنرێنەوە ئێمە دژی ئەوەین‌و هەڵوێستیشمان دەبێت بەرامبەر ئەو پرۆسەیە.